# دووبارە بانگەواز بۆ هەڵەبجەییەکانی نیشتەجێی هەندەران

لەمانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوودا ئەم بانگەوازەم بڵاوکردەووە، لێ مخابن تەنها یەک دوو هەڵەبجەیی پەیوەندیان پێوەکردم و وێنەو زانیاریان یان نارد کە جێگەی ستایشن،جابۆیە بەپێویستم زانی کە بانگەوازەکە دووبارەبکەمەوە،بەوهیوایەی لەوژمارەزۆرەی هەڵەبجەییانی نیشتەجێی هەندەران پەیوەندی بکەن وچاپی دووەمی کتێبەکە جوانترو دەوڵەمەنتر بکەن.باهەمووومان بەشداریمان لە تۆمارکردنی دیرۆکی باژێڕەکەماندا هەبێت.

************************

لەدوای کارەساتەکەی باژێڕی هەڵەبجە گرنگیەکی تایبەت لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردو بیانیەوە درایە ئەو باژێڕە،کۆمەڵێک بابەت و لیکۆڵینەوەو شیعرو چیرۆک وگۆڤارو کتێب و بابەتی ئەدەبی بڵاو کرانەوە.
ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبدەم ئەو کتێبانەن کە لەلایەن خودی هەڵەبجەییەکانەوە نووسراون.ئەوەندەی من ئاگاداربم تائێستا سێ کتێب لەو بارەوە نووسراون،کتێبی یەکەم لەلایەن کاک عبدوڵا ملا فەرەج {ملاعلی} بەنێوی [هەڵەبجە لە کلاوڕۆژنەی مێژووەوە].کتێبێکی گچکەی 50 لاپەڕەییە ساڵی 2000 بەچاپ گەیەندراوە.
کتێبی دووەم لەلایەن برای نووسەر کاک حکیم ملاساڵح نووسراوە، بەنێوی [هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا].350 لاپەڕەییەیە وبە قەوارەیەکی مامناوەندی ،ساڵی2004 چاپکراوە.
کتێبی سێیەم بەنێوی [هەڵەبجەو کەسایەتیەکانی ]
ئەم بەرهەمە پتر بە ئەلبوومی مێژوویی وێنە دەناسرێت وەک لە کتێب ،قەوارەکەی مەزنەو لاپەرەکانیشی پتر لە 550 لاپەڕەیە ساڵی 2005 چاپکراوە.

هەرسێ کتێبەکە پتر گرنگیان بەمێژووی شارەکەو دەوروووبەری داوە لە هەمووبوارەکاندا، واتە مێژووین وەک بە ناوەکانیشیاندا دیارە.

بانگەوازەکەم پەیوەستە بەکتێبی سێیەمەوە، واتە کتێبەکەی کاک ئازاد حمدی،
ئەم کتێبە سەدهاوێنەی کەسایەتەیکانی شاری هەڵەبجەو بنەکاڵەو خێزان و بۆنەو ڕووداوەکانی لەخۆگرتووە،لەپەراوێزی هەر وینەیەکدا ئاماژە بە ناوی کەسەکان و ساڵ و بۆنەکەکراوە.مێژووی هەندێک لەوێنەکان دەگەرێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو.
لەبەر گرنگی کتێبەکەو سەرف بوونی سەرجەم ژمارەکانی لەبازاڕداو داواکردنی هەڵەبجەییەکان بۆ ژمارەی پتر، کاک ئازاد بڕیاریدا سەرلەنوێ بە چاپی بگەیەنێتەوە.
بۆ ئەم مەبەستە داوالەسەرجەم هەڵەبجەییەکانی نیشتەجێی هەندەران دەکەم ،هەر وێنەیەک هی خۆی،خێزان پێکەوە،تاکەکانی خێزان، لەگەڵ برادەران،هاوپۆلان،هی چالاکی و هەروێنیەک پەیوەندی بەشاری هەڵەبجەوە هەیە بۆمنی بنێرن تا لە چاپی دووەمدا بڵاوبکرێنەوە.
با وێنەکان ئۆرگینال بن واتە کۆپی نەبن،پاشان بۆیان دەگێڕمەوە.
تکایە لەگەڵ هەر وێنەیەکدا چ زانیاری هەیە بینووسن،وەک ناوی کەسەکان ،ناوی جێگەکە ناوی بۆنەکە مێژووەکەی وتاد.
تکایە هەرچیتان لەسەر ئەو باژێڕە هەیە بەزووترین کات بۆمان بنێرن چونکە چاپی دووەم چاوەڕێمانە.

halabja@ofir.dk بۆ پەیوەندی/

تێبینی/

*دوو نامیلکەی دیکە لەسەر هەڵەبجە بلاوکراونەتەوە، یەکێکیان لەشێوەی چیرۆکێکی تراژیدیایە کە لە ساتی کارەساتەکەدا ڕوویداوە، لەنووسینی ئەندازیار کاک عومەر عینایەت.

دوومیش بەنێوی تیشکێک لەسەر نرکەوناڵەی بەناو ئەنفالەکان، کە گێڕانەوەی بەسەرهاتی چەندین خێزانی هەڵەبجەییە کە بۆ نووگرەسەلمان نێرراون، لەنوسینی باوکی تارایە.

*گەر بوار بوو بەنیازم لە ئایندەدا بابەتێکی هەڵسەنگاندن لەسەر ئەو کتێبانە بنووسم.

گۆران هەڵەبجەیی/دانمارک